حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی - مخمور

بەشی زمانی کوردی، قۆناغی چوارەم

( پەڕتووکی خوێندن Course book )

| | |
|---|---|
| ناوی مادده | واتاسازی _ علم الدلاله _ Semantic |
| قۆناغ | چوارەم |
| ماوەی کات | ( ٣ ) کاتژمێر |
| ناوی مامۆستای مادده | د. أمیر محمد محمدأمین |
| ئیمەیل | Amir.muhammadamin@su.edu.krd |

ساڵی خوێندن

2023 _ 2024

**پێشەکی**

**تاکو ئێستا ساکارترین پێناسە، کە بۆ زمان کرا بێت، ئەوەیە کە زمان ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیرە لە مێشکی مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، لە بەر ئەوە ئەو کەرەسە زمانیانەی، کە لە مێشکی مرۆڤدان و ئەرکی پەیوەندیکردن جێبەجێ دەکەن، هەڵگری لایەنی زانین و زانیارین و پێکهاتوون لە وشە و فرەیزو ڕستە. هەر بۆیە زمانی مرۆڤ پێکهاتووە لە سیستەمێکی ئاڵۆزو تێکچرژاو، کەرەسەکانی زمان بەشێکە لەو سیستەمە. ئەمەش وا دەکات، کاتێك مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت، بۆ گواستنەوەی ئەو بیرەی، کە مەبەستیەتی دەریببڕێت، پێویستی بە وشە دەبێت، بۆ بە یەکبەستنەوەی وشە وفرەیزو پاڕستە و ڕستەکان بەمەبەستی گەیاندن و پێکهێنانی واتایەکی تەواو.**

**ئامانجی گشتی :**

**٢. خوێندنی واتاسازی فێرکردنی قوتابییانە لە لایەنەکانی خوێندن و نووسین و تێگەیشتن.**

**٣. هەست کردنی خوێندکار بە هەڵەو کەم و کوڕییەکانی نووسینی سەر تابلۆ و دوکان و شوێنە گشتییەکان .**

**١. شارەزابوونی خوێندکاران لە زمان و ڕۆشنبیرکردن و تێگەیشتنیان لە نرخ و بەهای زمان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی خوێندکاران .**

**ئامانجی تایبەتی :**

**١_ . پێگەیاندنی خوێندکاران لە بوارەکانی نووسین و ڕاگەیاندن و ئەدەبدا .**

**١_ ئامادەکردن وپێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ، ئاشنا بە زمان و ڕێزمان و واتای، زمانی نەتەوەکەیان و پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ نەوەیەکی تری نەتەوەکەمان.**

**٣_ فێرکردن و ڕاهێنانی خوێندکاران بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان .**

# واتاسازی

## ١- زمان و ئاستەکانی

ئاستەکانی زمان بەگشتی پەیوەندییەکی تێکچڕاویان هەیە، واتە هەموو ئاستەکانی زمان لەکاردا تەواوکەری یەکترن، بۆیە هەندێک زمانناس وای بۆ دەچن کە، زمان واتایە و خراوەتە قاڵبی دەنگەوە، لەم سۆنگەوە دەکرێ درک بە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی دەنگسازی و واتاسازی بکەین، هەروەها دەکرێت بە سوود وەرگرتن لە (دەنگ/پیت) وشە/مۆرفیم بەرهەمبهێنین. زمانناسان لەدیاری کردنی ئاستەکانی زمان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام بەگشتی زمان بەدوو شێوە دابەش دەکەین: هەندێک ئاستی سەرەکی و هەندێکی تر لاوەکین، ئاستە سەرەکییەکان بریتیین لە رستەسازی و وشەسازی و دەنگسازی هەندێک زمانناسی تر لایان وایە کە، نابێ ئاستی واتاسازی پشت گوێ بخرێت، واتا کاریگەریی راستەوخۆ دەکاتە سەر هەموو ئاستەکانی تری زمان.

**(فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک)**

**_ ئاستی واتا:**

أ_ **واتاسازی** Semantics :

**لقێکە لە زانستی زمان، کە هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان فۆڕم و چەمك دەستنیشان بکات. سنوری سیمانتیك لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا، پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسدا دیاری دەکات.**

**ب_ پراگماتیك** Pragmatics:

**لقێکە لە زانستی زمان، کە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان زمان و دەرەوەی زمان دەکۆڵێتەوە. واتە لێکۆڵینەوەیە لە واتای فەرهەنگی کەرەسەکانی زمان و ئەو دەوروبەرەی کە لێی بەکارهاتووە.**

**لە ڕاستیدا دانانی سنورو جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمان لە یەکتری، تەنیا بە مەبەستی ئاسانی لێکۆڵینەوەیە لە زمان، دەنا سیستەمی ( دەنگی، ڕێزمانی، واتایی ) بە تێکڕایی لە ژێر سیستەمی گشتی زماندا کاردەکەن و پەیوەندییەکی بە هێزیش لە نێوانیاندا هەیە، زۆر جار سنوری نێوان ئاستەکانی زمان بە ئاسانی لە یەکتر جیا ناکرێتەوە.**

**دەق ( پاش ڕستە ) Text:**

**لە پێناسەی دەقدا، هالیدەی دەڵێت: دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە کە پێوەندی بە واتاوە هەیە. لەوانەیە دەق نووسراو بێ یان نە نووسراو، پەخشان بێ یا شیعر، گفتوگۆ بێ یان مەنۆلۆگ، هەروەها ئاگاداری، ناونیشان، دروشم، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق بە دەق دادەنرێت.**

## ٢- زاراوەی واتاسازی-Semantic:

زاراوەی واتاسازی وەکو زۆربەی زاراوەکانی تری بوارە جیاجیاکان ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (یۆنانییە کۆنەکان)، زاراوەی (واتاسازی-Semantics) لە وشەی (Sema)ی یۆنانییەوە هاتووە، کە بە واتای (نیشانە،-رەمز)دێت. لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە سنوری چەمکی فەلسەفی واتاییدا بە مانای کەنەهوت واتە؛ علم الغیب بەکارهاتووە.

زاراوەی (واتاسازی-Semantic) بۆیەکەم جار لەلایەن زمانناسی فەڕەنسی (میشێل برێل)ەوە لەساڵی ١٨٨٣دا بەکارهێندرا، بەڵام پێش ئەویش ئەو زاراوەیە هەربەکاردەهات، بەڵام بە بەکارهێنانێکی جیاواز لەو واتایەی ئێستا هەیەتی وەک بواری فەلسەفیی، دوای ئەوەی برێل لەساڵی ١٨٩٧دا ئەم زاراوەی لە باسێکدا بڵاوکردەوە، سێ ساڵ دوای ئەوە ئینگلیزەکانیش بەکاریانهێنا، دوای ئەوەش زاراوەکە بە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا بڵاوبووەوە دوای ئەوەش گەیشتە لای عەرەبەکان، عەرەبەکانی بەرامبەر زاراوەی (Semantic) زاراوی (علم الدلالة) بەکاردەهێنن، ئەوەی پەیوەستیش بێت بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دوای کردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەڵاحەددین. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (Semantic) زاراوەی (سیمانتیک، واتاسازی، واتاناسی، زانستی واتا) بەکاردێت.

## ٣- ناساندنی واتاسازی - Semantic:

چەمکی واتاسازی لە بوارێکی فراوانەوە قسە و باسی زۆری لەبارەوە کراوە، چونکە زانستی واتا. یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان. لە زانستە مرۆڤایەتییەکانیشدا، بوونی راستی و حەقیقە بەشێوەیەکی رێژەییە.

لەلایەکی تریشەوە کەم نین ئەو تیۆر و قوتابخانانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی چەمکی واتاوە کردووە، هەریەکەیان بەپێی ڕێبازێکی جیاواز دەڕوانێتە واتا، بۆیە بەگونجاوی دەزانین کە لێرەدا چەند پێناسەیەکی واتاسازی بخەینەڕوو:

پرۆفیسۆر (دیڤید کریستەل) لە کتێبی فەرهەنگی زاراوەی زمان و فۆنەتیک بەم شێوەیە پێناسەی واتاسازی کردووە: (بەشێکی سەرەکی و گرنگی زانستی زمانە و پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی واتاسازیەوە هەیە.)

(جۆرج یۆل) لە کتێبی سیمانتیکسدا دەڵێت: (واتاسازی لێکۆڵینەوەیە لە واتا)، دیارە خۆیشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم پێناسەیە کاتییە، هەر کاتێک لەوەمان باشتر دەستکەوت، ئەو پێناسەیە دەگۆڕین.

پرۆفیسۆر( أحمد موختار عومەر) لە کتێبی زانستی واتادا دەڵێت: (واتاسازی ئەو زانستەیە لە واتای وشە دەکۆڵێتەوە)

پرۆفیسۆر (ئەورەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی وشەی زمانی کوردیدا دەڵێت: (واتاناسی ئەو بەشەی زانستی زمانە لە گشت ئەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە کە، پەیوەندیان بە واتاوە هەیە.) کەواتە واتاسازی زانستێکە لە واتا و هەموو ئەو کێشە و ئاریشانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستن بە بواری واتا، واتاسازی لیکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نیوان ناو و ناوڵێندراو...

ئەرکی سیمانتیک

دیارە سیمانتیک وەکو زانستێکی زمانەوانی ئەرک ومەبەستی هەیە، بەمشێوەیە ( ئامانج ومەبەستی سیمانتیک ئەوەیە، کە ئاڕاستەی کردەیی گەیاندن و پەیوەندی و تێگەیشتنی هاوبەش ئاسان بکات و زاراوەو چەمکەکان لە سەرجەم زانستەکان نەخوازە لە زانستە نوێیەکان و پەیوەندییەکانی گەیاندن بچەسپێنێت، تاکو ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرجەم بوارەکان پێشبکەوێت.) (ێادق یوسف الدباس، ٢٠١٢: ١٩٥) واتە ئامانجی سەرەکی سیمانتیک ڕایەڵەی پەیوەندی و گەیاندن دروست بکات، کە بە شێوەیەک بێت تێگەیشتنی هاوبەش بەرهەم بهێنێت و زاراوەسازی گەیاندن بنیات بنێتن. بەمەش دەبێت زاراوەو وشە نوێییەکانی وەکو ناوی داڕێژراو پەسنی واتایی هەبێت. کەواتە (( کارو ئەرکی سیمانتیکی بریتییە لە پەسنکردنی واتاو پەیوەندییە واتاییەکان.)) (شیلان عومەر،٢٠١٢: ١٠٢)بۆ نموونە ناوی داڕێژراوی ( ئاسنگەر ) پەسنی واتایی لە زمانی کوردیدا هەیە و لە نێوان ( ئاسن + گەر ) ڕێککەوتن و پەیوەندی واتایی هەیە، بەڵام ( بەردگەر ) پەسنی واتایی لە زمانی کوردیدا نییە و لە نێوان ( بەرد + گەر ) ڕێککەوتن و پەیوەندی واتای نییە.

سیما جیاکەرەوەی سیمانتیکی Semantic Feature Symptom

سیما جیاکەرەوەی سیمانتیکی بۆ ناوی داڕێژراو گرنگن، چونکە (هێما سیمانتیکییەکان پێکهێنەری بنەڕەتی واتا سیمانتیکییەکانن.) (هەمان سەرچاوە :١٠٣)، واتە؛ بە پێی سیما جیاکەرەوەی سیمانتیکی، ئەو نیشانانە بنەما و یاسای سیمانتیکین، دەکرێت لە سەر ئەو بنەما و یاسایانە ناوی داڕێژراو چ شت، مرۆڤ، گیانلەبەر، ...هتد بن، بەهەمان شێوەی وشەکانی تر دەستنیشانبکرێن، ئەمەش وا دەکات، بە ئاسانی بگەینە واتای ئەم ناوانە و جیاوازی لەگەڵ ناوێکی تردا بکەین. هەر بۆیە ناوی داڕێژراو واتای فەرهەنگی هەیە و لە فەرهەنگدا دەدۆزرێتەوە و واتاکەی شیدەکرێتەوە. کەواتە (( واتای فەرهەنگی گرنگترین جۆری واتایە و بەشێکە لە واتای فەرهەنگی وشە و لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێ.)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ٨٧) هەربۆیە، دەتوانرێت سەیری ناوی داڕێژراو بکرێت لە سەر تایبەتمەندی نیشانەی (+ یان _ )، بۆ نموونە:

نانەوا : + مرۆڤ، +هەراش، +نێر

نانکەر: + مرۆڤ، +هەراش، +مێ

کەواتە ناوە داڕێژراوەکانی ( نانەوا، نانکەر ) بە ڕێگەی سیما جیاکەرەوەی سیمانتیکی توانرا واتاکانیان لە یەکتر جیابکرێتەوەو دەستنیشان بکرێت. بەمەش (( شیکردنەوەی واتای وشەکانی زمان بۆ ڕەگەزە بچووکەکانی، کە واتای تەواوی لێ پێکدێت.)) (نایف خرما، ٢٠١٣: ٤١٢)لێرەدا بەتەواوی واتای هەردوو ناوی داڕێژراوی( نانەواو، نانکەر )، کە بۆ ڕەگەزی بچووکتر شیکراونەتەوەو لێکدراونەتەوە. بەم پێیە بۆ دیاریکردنی واتای ناولێنراوەکان بە (( ڕێگای شیکاری پێکهاتەییە، لێرەدا ناولێنراو لە سەر بنەڕەتی پێکهاتەی وشە دیاری دەکرێت، ئەم کردارەش پێی دەووترێت لەکسیم.)) (ئازاد ئەحمەد مەحموود، ٢٠١٥: ٤٧)واتە هەردوو ناوی داڕێژراوی ( نانەوا، نانکەر ) لەم پرۆسەیەدا پێیان دەوترێت لەکسیمی نانەوا، لەکسیمی نانکەر.

لێرەدا ناوی ( نان ) کاتێک ئەم پاشگرانەی چۆتەسەر، واتای نوێی بەرهەمهێناوە، بەڵام بە واتای جیاواز، پاشگری( _ەوا ) واتای ڕەگەزی نێری بۆ ناوەکە دروستکردووەو پاشگری( _ کەر) واتای مێی بۆ ناوەکە دروستکردووە.

## ٤- گرنگی واتاسازی و پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمان:

واتاسازی یەکێکە لە ئاستە هەرە گرنگەکانی زمان، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ سەرجەم ئاستەکانی تری زمان هەیە، و کاریگەری راستەوخۆ دەکاتە سەریان. هەر بۆ نموونە کاتیک ئیمە مەرجەکانی بوون بە (فۆنیم) لە زانستی فۆنۆلۆجی دادەنێین، ئەوە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکان ئەوەیە، دەبێت فۆنیم ببێتە هۆی گۆڕینی واتا، هەروەها لەپێناسەی وشە پش بە لایەنی واتایی دەبەسترێت، ئەو بۆچوونە بۆ ئاستی رستەسازیش دروستە، بۆیە هەندێک زمانناس پێیان وایە (زمان بریتییە لە واتا و بەدەنگ دەربڕدراوە)، پەیوەندی ئاستی واتاسازی بە ئاستەکانی تری زمان بە جۆرێکە ئەگەر لەیەکترییان داببڕین، ئەوە کێشە بۆ ئاستەکانی تر دروست دەبێت، بۆ نموونە دەکرێت ئێمە کۆمەڵێک دەنگ بەدوای یەکتری ریز بکەین، بەڵام ئەگەر واتایان نەبوو، ئەوە بە وشە هەژمارناکرێت، ئەم بۆچوونە بۆ رستەش دروستە، هەر بۆیە زمانناسیکی وەک (جۆن لاینز) دەڵیت (ڕستە لەسەر دوو بنەما بەندە ١- پەسندی رێزمانیی ٢- پەسەندی واتایی)، ئەم نموونانەی سەرەوە هەندێک لە گرنگییەکانی واتاسازییان دەرخست.

## ٥- سنووری واتاسازی:

دیارە هەر زانستێک کۆمەڵێک سنووری دیاری کراوی خۆی هەیە، بۆ ئەنجامدانی کارەکانی زانستی واتاسازیش لە سنوورێکی دیاریکراو کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دەکرێت سنوورەکانی واتاسازی لەم چەند خاڵەدا چڕ و پوخت بکەینەوە:

١- واتاسازی لەو جۆرەی واتا دەکۆڵێتەوە، کە ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی لەسەرە. بەواتایەکی تر ئەو جۆرە واتایانە ناگرێتەوە کە تاکە کەسێک بە بۆچوونی تاکەکەسی خۆی دروستی کردووە، ئەوەش ئەمە دەردەخات بۆچوونی تاکەکەسیی ڕۆڵی نییە لە نیشانکردنی واتادا.

٢- واتاسازی لە واتای ئەو وشە و رستانە دەکۆڵێتەوە کە، خاوەنی واتایەکی روونن و دوورن لە بابەتەکانی گریمانەکاریی و دەوروبەر، بەواتایەکی تر هەریەکە لە گریمانەکاریی و دەوروبەر، هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە دەستنیشانکردنی واتای وشە و رستەکان.

٣- واتاسازی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئاستی ڕێزماندا هەیە، هەر بۆیەشە لە واتای ئەو وشە و ڕستانە دەکۆڵێتەوە کە ڕێزمان دروستی کردوون، واتە هەر گۆڕانێک لە ڕیزمان ڕوویدات، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاش.

٤- واتای بەدەست هاتوو لە واتاسازیدا هەندێک جار لێڵە، بەتایبەتی لە واتای وشەدا. بۆیە هەندێ زماناناس بڕوایان وایە کە، واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی. بۆ نموونە ئەگەر وشەی (کۆلێژ) وەربگرین، ئەوە لەلایەک واتایەکی ڕوونی هەیە، چونکە هەموومان دەزانین کۆلێژ یەکێکە لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی دێ، بەڵام هەمان وشە واتایەکی ڕوون نییە، چونکە نازانین مەبەست کامە کۆلێژ، و چ قۆناغێک و چ بەشێک لە کۆلێژەکەدا.

## ٦- مێژووی واتاسازی:

واتاسازی مێژوویەکی کۆن و دووورودرێژی هەیە، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هیندییە کۆنەکان، ئەم قسەیە بەو واتایە دێت کە، مێژووی واتاسازی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی یۆنانییەکان، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مێژووی واتاسازی دەبێت بەپێی نەتەوەکان مێژووەکە نیشان بدەین:

### ١- لای هندییەکۆنەکان:

بەپێی ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لەبەردەستدان، هندییەکۆنەکان یەکەم نەتەوە بوون لە واتاسازیان کۆڵیتەوە. بەتایبەتی زماناناس و فەیلەسوف (پانینی)، کاتێک لێکۆڵینەوەی لە زمانی سانسکریتی و پەرتووکی (ڤیدا)داکرد، کۆمەڵێک بابەتی واتاسازی وروژاند، یەکێک لەو بابەتانەی سەرنجی هندییەکانی ڕاکێشابوو بریتیی بوو لە پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی، لەم بارەیەشەوە دوو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، یەکەمیان بڕوای وابوو پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی ڕاستەوخۆ دەبێت، چونکە دەربڕینەکان وێنەیەکی تەواوی شتەکان دەکێشن، بەڵام بۆچوونی دووەم بڕوایان وابوو پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی هۆییە، وەک پەیوەندی نێوان (ئاگر و دووکەڵ). هەروەها هندییەکان گرنگی زۆریان بە بابەتی (دەوروبەر- Context) دەدا، کە ئەمڕۆ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی واتاسازی، هەروەها چەندین جۆری واتایان دەستنیشان کرد، وەک (واتای گشتی، واتای حەقیقی، واتای تایبەتی...تد)

### ٢- لای یۆنانییەکان:

یۆنانییەکان هەروەک چۆن لێکۆڵینەوەیان لە زۆربەی زانستەکان دەکرد، واتاسازیش بەدەرنەبوو لە لێکۆڵینەوەی ئەوان. سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ

فەلسەفییەکانی نێوان (ئەفلاتوون) و (سۆکرات)، بەتایبەتی گفتوگۆکان لەبارەی (وشە و واتاکەی)، ئەفلاتوون پێی وابوو ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی لەخۆوەنییە، دوای ئەوانیش: (ئەرستۆ) کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی کرد، بەتایبەتی توانی سنوورێک بۆ بەکارهێنانی یاریکردن بە وشەکان دابنێت، هەروەها بڕوای وابوو پەیوەندی نێوان (وشە و واتاکەی) ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی لەسەرە.

**٢- لای عەرەبەکان:**

عەرەبەکانیش گرنگی زۆریان بە بواری واتاسازی و دانانی فەرهەنگ داوە، سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەفامی و پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوکاتە عەرەبەکان شاعیری زۆریان هەبووە، لەڕۆژێکی دیاریکراودا شیعرەکانییان لەبازاڕی (عکاض) لە مەککەدا بە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر (نابغە الذبیانی) دەدا، بۆ ئەوەی هەڵیانسەنگێنێت و باشەکانیان بەدیواری (کەعبە)ەوە هەڵدەواسران، دیارە لەو سەردەم عەرەبەکان باسی هەندێک دیاردەی واتاییان کردووە، وەک بەکارهێنانی وشەی (هاوواتا)، کە عەرەب زۆر شانازی پێوە دەکات، هەروەها باسی هەندێ بابەتی تریان کردووە، وەک واتای حەقیقی و واتای مەجازیی.

## ٧- جۆرەکانی واتا بەگشتی:

چۆن پێناسەیەکی گشتگیر بۆ واتاسازی نەبوو، ئاواش لەدەستنیشانکردنی جۆرەکانی واتا زمانناسان مشت و مڕیانە، بەڵام لەناوەڕۆک هەموویان یەک شت دەڵێن بەگشتی جۆرەکانی واتا بریتین لەمانەی خوارەوە:

**أ- واتای وەسفی – هۆشەکی (فەرهەنگیی)**

ئەو جۆرە واتایە واتای نەگۆڕی هەیە، مەبەست لە واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنچینەییە کە، کۆمەڵگە بۆ وشەکانی داناوە و لەسەری ڕێککەوتوون، ئەو جۆرە واتایە سەرەکی ترە لە هەموو ئەوانی تر لەبەر چەند هۆیەک واتای هۆشەکی خاوەنی ڕۆنانێکی وا ڕێکە بەئاسانی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئاستەکانی دەنگسازی و ڕستەسازی، ڕۆنانەکەش لەسەر بنەمای سیمای جیاکەرەوە و بنەما پێکهێنەرەکان بەندە. هەروەها ئەم جۆرە واتایە هۆیەکی سەرەکییە بۆ لەیەکتر گەیشتن، کەواتە واتای وەسفی ڕۆنانێکی وەک (ژن) بە شێوەیە دەبێت(مرۆڤ+ مێ+ هەراش + شوکردوو + ...تد).

**ب-واتای ناوەسفی (بارکراو)**

ئەم جۆرە واتایە بە پێی کەس و کات و کۆمەڵگا دەگۆڕێت، تێکەڵی هەست و سۆز و بۆچوونی قسەکەرە.چەند جۆرێکیشی هەیە، کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- واتای دەروونیی (کاریگەریی)**

ئەم جۆرە واتایە تێکەڵ بە باری دەروونی قسەکەر دەبێت، واتە باری دەروونی قسەکەر لە ئاخاوتنەکانی ڕەنگ دەداتەوە، واتایەکی کەسی خودی و لەکەسێکەوە بۆ کەسیکی تر دەگۆڕیت، ئەو واتایە واتایەکی کەسی خودی و تایبەتە، گومانی تێدانییە هەرکاتێک قسەیەک یاخود ئاخاوتنێک بکەوێتە دەستی قسەکەر تێکەڵ بە هەست و سۆزی دەبێت. بۆ نموونە وشەی (هەڵەبجە، ئەنفال، جوولەکە، ڕێوی...تد)

**٢- واتای شێوازیی:**

هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە کە زانیاریمان دەربارەی قسەکەر دەداتێ لە پلەی خوێندەواری و ئیش و دیالێکت و ...هتد وەک : لەشێوەزاری هەولێر (بەفر) و لە شێوەی سلێمانی (سەهۆڵ) لە شیوەی کرمانجی سەروو (بەرف) بەکاردێت.

**٣- واتای رەنگدانەوە:**

هەندێک زمانەوان بەواتای (بیرەکی – تێکەڵ) ناوی دەبەن. ئەو واتایە کاتێک بوونی دەبێت، کە وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت، کاتێک گوێ بیستی یەکیک لە واتاکانی دەبین واتاکەی تریان بێتەوە یاد، ئەو واتایە بارکراوە لە واتایەکی هۆشەکی دیاریکراو لەئەنجامی بەکارهێنانی لەبارێکی تردا بۆیە (ئۆلمان Ullman) لە کتێبی (ڕۆڵی وشە لە زمان) باس لە واتای رەنگدانەوە دەکا و سێ جۆری لێ دەستنیشان دەکات:

١- کارتێکردنی دەنگی: هەندێک وشە ئاماژە بۆ دەنگی سروشتی دەکەن یا لە دەنگەکانی سروشت وەرگیراون وەک: گڤەگڤ واتای بای بەهێز، میاواندنی پشیلە، حەپینی سەگ...تد. کە گوێمان لەو دەنگانە دەبێت ئەوا وێنە هۆشەکیەکەمان دێتە نێو خەیاڵ و مێشک.

٢- کارتیکردنی وشەسازی: ئەمە زیاتر پەیوەندی بە رێگەکانی دارشتنی وشەوە هەیە وەک (دارِشتن، لێکدان) بۆ نموونە کاتێک ئێمە لە ڕێگەی لێکدانی هەردوو وشەی (ماست، ئاو) وشەی (ماستاو) رۆدەنێین و باسی دەکەین، ئەوە راستەوخۆ هەریەکە لە (ئاو) و (ماست)مان بیردێتەوە.

٣- کارتێکردنی واتایی: ئەمە زیاتر پەیوەستە بە وشەی (ئیدیەم، میتافۆر، وشەی هاوبێژ و فرەواتا)یە" بۆ نموونە (سەرەتان = دەردەپیسەکە) یا باس نەکردنی هەندێک ئەندامی لەشی مرۆڤ.

**٤- واتای هاوڕێیەتیی:**

ئەو جۆرەی واتا بریتییە لە واتا وشەکان لە سنووری رستە. بە واتایەکی تر بەو پەیوەندییە دەگوترێت کە لەنیوان وشەیەک و وشەکانی تری پێش و دوای خۆی هەیەتی. بۆ نموونە کاتێ کە دەڵێی (کاڵ) ئەو هەرزوو بیرمان بۆ وشەی (چاو) دەڕوات، واتە واتای کاڵ لەگەڵ چاو هاوڕێیەتی زۆری هەیە و واتاکانیان تاڕادەیەک بەیەکەوە گرێ دراون. هەرچەندە وشەی کاڵ لەگەڵ کۆمەڵێ وشەی تریش هاوڕێیەتی هەیە.

**٥- واتای راگەیاندن:**

ئەم جۆرەی واتا لەئەنجامی زۆربەکارهێنان و تاقیکردنەوە و زۆر دووبارەبوونەوە، واتای باش یا خراپ دەدات بەدەستەوە، لەلایەن کەسەکانەوە. بۆ نموونە: (زێڕ) واتای ڕاگەیاندنی باشی هەیە.

**٦-واتای بابەتی:**

پەیوەندی بەڕێکخستنی ڕستە و بە لوتکەکردنەوە هەیە و بەگوێرەی مەبەست و گرنگی هەریەکەیان بۆ بارێک یان کاتێک دەبێت. وەک:

**دیارییەکە مامۆستا دابەشی کرد.**

**مامۆستا دیارییەکەی دابەشکرد.**

## ٨- هێمالۆژی (Semiotics) و واتاسازی: (Semantics)

هێما کاکڵە و کەرەستەی زانستی هێمالۆژییە، چەمکی هێما بریتییە لەوەی نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە، خۆی نییە. کەواتە هێما دوو رووی هەیە کە ئەوانیش (فۆڕم و واتا)ن، فۆرم بریتی دەبێت لە شێوەی دەرەوەی هێما واتە ئەگەر هێماکە هێمایەکی زمانی بێت، ئەوە فۆڕم یەکسان دەبێت بە زنجیرە دەنگێک کە وشە و فرێز و....تد دروست کردووە، هەرچەندە زنجیرە دەنگەکە نوێنەرایەتی ئەو شتە دەکات کە هەیە، بەڵام خودی شتەکە نییە. بۆ نموونە کاتێ ئێمە دەڵێین (پەرتووک)، ئەوە پێکهاتووە لە چەند دەنگێک (پ، ە، رت، وو، ک) کە دەبێتە فۆڕم و واتا لەنێوان زمانەکان جیاوازن، ئەگەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوایە ئەوە لەهەموو زمانەکانی جیهاندا یەک فۆڕم بەرامبەر یەک واتا دەبوو. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەنێو خودی زمانەکەدا، پەیوەندی نێوان فۆڕم و

واتا لە هێمادا پەیوەندییەکی بەهێزە و بەجۆرێکە هیچ کامیان بەبێ ئەوەی تر نرخیان نابێت، کەواتە هێما بریتییە لەو نیشانەیەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وەک چەکێکی بیرکردنەوە بەکاری دێنێت. هێماکان دەبن بە سەرچاوەی بیرکردنەوە و لەیەکتر گەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، چونکە بیرۆکەکان لە دنیای دەرەوەدا لەڕێگەی کردەی بەکۆدکردندا دەبن بە هیما.

## ٩- جۆرەکانی هێما:

لەزۆر ڕووەوە دەکرێت دابەش کردن بۆ هیما بکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لە ڕووی زمانی و نازمانییەوە هێماکان دابەش بکەین بەپیی بۆچوونی زۆربەی زمانناسەکان هیما لەم ڕووەوە دوو جۆرە (هێمای زمانی، هێمای نازمانی)

### أ-هێمای زمانیی:

تەواوی یەکەکانی زمان دەگرێتەوە کە، سەر بە ئاستە جیاوازەکانی زمانن و خاوەنی فۆرم و واتان وەک (پیت، وشە....تد). پیت دەبێتە هێما بۆ دەنگ بەم پێیەش بێ پیت نوێنەرایەتی چەمکێک دەکات کە خۆی نییە، بەڵکو تەنیا بۆتە فۆرمیک بۆی. یان هێمای زمانی بریتییە لە یەکەیەکی زمانی کە زۆربەی جار وشەیە، ئەو هیمایە گوزارشت بە شتێکی هەستپیکراو یان بیرێکی نابەرجەستە دەکات. لەڕووی پێکهاتەوە یەکەکانی زمان هەموویان وەکو یەکترنین، بۆیە سنووردانادرێت بۆ درێژی هیمای زمانی... هەروەک دەتوانین ڕستەیەکی درێژ تەنانەت پارچە ئاخاوتنێکیش هەموو بە تاکە هێمایەک دابنێین. بەم پێیەش بێ هێما زمانییەکان هەموو هێما نووسراو و درکاوەکان دەگرێتەوە کە بریتیین لەو فۆرمانەی هەڵگری واتان و بەکارهێنانیان هەیە. واتە هێمای زمانی ئەو هێمایانە دەگرێتەوە لەڕێگەی پیت و فۆنیمەوە دەردەبڕدرێن و گوزارشتیان لێدەکرێت.

### ب-هێمای نازمانیی:

هەموو جۆرە هێمایەک دەگریتەوە جگە لە هێما زمانییەکان، واتە دەکرێت هیمای نازمانی بریتی بێت لە جووڵەیەکی جەستەیی کە دەچێتە خانەی زمانی جەستەییەوە یان دەکرێت بریتی بێت لە هیمایەک یان وێنەیەک...تد زمانی بەکارهاتووی یارییە وەرزشییەکان و هێماکانی فڕۆکەوانی و ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی هاتوچۆش دەگرێتەوە. هیما نازمانییەکان لەمەودایەکی فراوان بەکاردێت، ئەمەش وای کردووە هیما نازمانییەکان بەچەند شێوەیەک دەربکەون.

**أ- نيشانە:**

یەکێکە لە جۆرەکانی هێمای نازمانی، پەیوەندی نیوان فۆرم و واتا لەم جۆرەدا پەیوەندییەکی لێکچوونە وەکو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دووکەڵ و ئاگر دایە یان هەور و باران... چونکە دووکەڵ نیشانە بۆ ئاگر و هاتنی هەور نیشانەیە بۆ باران بارین.

**ب. وێنە:**

وێنە بە هێما هەژمار دەکرێت، چونکە نوێنەرایەتی شتێک دەکان کە خۆی نییە. لەم جۆرە هیمایەدا جۆرە لێکچوونێک هەیە لەنیوان فۆرم و واتادا وەک وێنەی بەدەست کێشراوی سەروچاوی کەسێک. هەریەکە لە وێنە و تابلۆ و نەخشە و کاریکاتێریش دەچنە خانەی ئەم جۆرە هێمایەوە.

**ج. ئاماژە :**

مرۆڤ کاتێ ئاخاوتن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئەوە هەر بەتەنیا زمانی قسەکردن بەکارنابات، بەڵکو کۆمەڵێک جووڵەی جەستەیش ئەنجام دەدات، بەم پێیەش هێما ئاماژەییەکان سەرجەم ئەو جووڵە و بزاوتانەش دەگرێتەوە کە لەڕیگەی دەست و چاو و ...ند ئەنجام دەدرێت یان بەتەنیا ئەنجام دەدرێت ئەم بزاوتانەش دەچنە خانەی پەرەزمانی ئەم ئاماژانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاری کردنی واتای پراگماتیکی.

## ١٠- چەمک و تەن و واتا:

**-چەمک:** وێنەی هۆشەکی شتێکە لە میشک هێشتا دەرنەبڕاوە.

**-واتا:** واتای شتەکە دەنوێنێت لە ڕێگەی زنجیرە دەنگێکەوە دەردەبڕێت.

**-تەن:** ئەو شتەیە کە لەواقع دا هەیە وێنە هۆشەکیەکەی نێو مێشک دەنوێنێت.

## ١١- بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا:


دکتۆر ئەمیر موحەممەد

گەلێک بۆچوون هەیە لەبارەی واتا، هەر ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی کە گەلێک پێناسە و بیرورا هەبێت، لەبارەی واتا. بۆیە پێناسەیەکی سنووردار نییە بۆ واتا. بەکورتی بۆچوونەکانی لیکدانەوەی واتا ئەمانەی خوارەوەن:

**١- بۆچوونی ناولێنان:**

سەرەتا ئەم بۆچوونە، بۆ بیروراکانی (ئەفلاتوون) دەگەڕێتەوە کە (واتا) وەک (ئاماژە) لێک دەدایەوە. بەپێی ئەم بۆچوونەبێت وشەی هەر زمانێک (هێما)یە بەرامبەر (رووداو، شت....تد) لە جیهانی دەرەوەدا. لەم بۆچوونە پەیوەندیەکی دوو قۆڵی لەنێوان (ناو+ناولێندراو) هەیە. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، هەر شتێک تەنی بەرامبەر بێت واتادارە، لە چەرخی نوێدا سۆسێر بۆ ئەم بۆچوونە گەڕاوە، هەروەها، (ئۆگدن و ریچاردس) سێ گۆشەیەکی واتاییان هێنایە کایەوە، بەرگێکی زانستیان بەبەر بیرۆکەکانی سۆسێردا کرد، (ئۆگدن و ریچاردس لە سالی ١٩٢٣ لە کتێبی (واتای واتا – The meaning of meaning) بیرۆکەی سێ گۆشەی واتاییان هێنا کایەوە کە، ئەویش پەیوەستە بە (بیر، تەن، هێما) بەپێی ئەم برچوونە وشە کاتێک واتادار دەبێت کە (بیر، چەمک، وێنە) دروست بکات. واتای وشە لە سێگۆشەکەدا بەم شێوەیە دەبێت:

ئەفلاتوون واتا وەک دوو لایەن باس دەکات، ئەوانیش (فۆرم+واتا)ن" پەیوەندی لە نێوان ناو و ناولێندراو هەیە، بەپێی ئەم بۆچوونەبێت فۆرم کاتێک واتادار دەبێت، کە (تەن)ێکی بەرامبەربێت. هەر لەم بارەیەوە (ف.دی سۆسێر) دەڵێت: هێما دوو رووی هەیە، وەک دراوێک وایە هیچیان بەبێ ئەوی تریان نرخیان نییە.




کەم و کوڕی ئەم بۆچوونە لەوە دەردەکەوێت، تەنیا ئەو فۆرمانە بە واتادار دادەنرێت کە، تەنیان بەرامبەرە بەپێی ئەم بۆچوونەبێ فۆرم وشکانی ەک (دێو، پەری،...ند) بە واتادار نازانێت، سەرەرای ئەمەش (ناوە واتاییەکان) تەنیان بەرامبەر نییە، تەنیا هەستیان پیدەکەین، کەوابێت ئەوانیش بێ واتان لەم بۆچوونەدا.

**٢- بۆچوونی هۆشەکی:**

بیرۆکەی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆک)، ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت (دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی راستەوخۆی بیر بێت) بەپێی ئەم

بۆچوونە وشە کاتێک واتادار دەبێت، کە بیرێک یان چەمکێک دروستبکات، بەمەش (واتا) دەبێت بەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەی کە، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بە وشە یان گوتن دەنوێندرێن. کەواتە ئەم بۆچوونە واتا وەک چەمک یان وێنە یان بۆچوون لێکدەداتەوە، وەک دەزانین چەمک ناپیورێت، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت، بەمەش واتای لەگەڵ وشەدا هاوسەنگ ناوەستیت، لەم بارەیەوە زماناسیک دەڵێت کاتێک لەسەر بەرمیلەکانی سووتەمەنی نووسرابوو بەتاڵ، بووە هۆی کوشتنی چەند کرێکارێک، چونکە وشەکان نەیان توانی گوزارشتی تەواو لە واتای بەتاڵبوون بکەن، لەوێدا بەتاڵبوون، تەنها مەبەستی بەتاڵە لە شلەمەنی وەک (نەوت، بەنزین...تد) بەڵام بەتاڵ نییە لە گازی ئەو شلەمەنییانە.

هەرچەندە ئەم بۆچوونە چارەسەری هەندێک کێشەی کرد وەک ئەوەی کە ئەو وشانەی واتادارکرد کە پێشتر بۆچوونی ناولێنان بەبێ واتای دانابوون. وەک (برایەتی، جوان، فریشتە، پەری، دێو...تد). کەموکوڕی ئەم بۆچوونە لەوەدایە لە بازنەیەکی بەتاڵ دەسوڕێتەوە، چونکە واتای بەشتێکی نابەرجەستەی لیکدایەوە.

### ٢- بۆچوونی ڕەوشتی :

بیرۆکەی ئەم بۆچوونە سەرەتا لە زانستی دەروونناسی (سایکۆلۆژی) سەری هەڵداوە، دواتر هێندرایە نێو بواری زمانناسییەوە لەڕێگەی زمانناسانی وەک (ساپێر، بلۆم فیڵد،...تد) ئەم بۆچوونە کار لەسەر دوو چەمک دەکات، (هۆشیارکردنەوەو کاردانەوە) واتە (کار+کاردانەوە) لەم بارەیەوە (بلۆم فیڵد) دەڵێت (لە هەڵوێستێک قسەکەر قسە دەکات، قسە بۆ کراویش کاردانەوەی قسەکەی دەکات) باشترین نموونەش بۆ ئەم مەبەستە نموونەکەی (جاک و جێل)ە. بەپێی ئەم بۆچوونەبێت وشە کاتێک واتادار دەبیت کە، کاردانەوەی هەبێت، ئەم بۆچوونە تا کۆتایی شەستەکان باڵی بەسەر هەموو بیرەکانی ترکێشابوو، بەڵام (چۆمسکی) ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە، گوتی ئەگەر بەپێی کاروکاردانەوەبێ ئەوە منداڵ زوو فێری قسەکردن نابێت. ئەگەر فێربوون بەلاسایی کردنەوە با ئەوە وشکانی زمان سنووردارەدەبوون. ئەوەی جێی سەرنجە و ڕەخنەیە، پێویستە لە هەموو دیاردەیەک کەسیک کردەیەک یا جوڵەیەک یا...تد کەسیکی تریش وەڵامی بداتەوە کە، ئەمەش کارێکی ئەستەمە. لەلایەکی تریش هەموو دیاردەکانی دەوروبەر لەبواری جیاجیای ژیانی مرۆڤ بە ڕەوشت بنوێندرێت، ئەمەش کارێکە دوورە لە ڕاستی.

### ٤- بۆچوونی بەکارهێنان:

ئەم بۆچوونە لەلای (فێرس) سەری هەڵدا، فێرس لەژێر کاریگەری (مالینۆفسکی) ئەم تیۆرەی دانا، گەلێک زمانناسی تریش وەک (هالیدای، لاینز،...تد) بڕوایان بەم تیۆرە هەبوو"

پشتگیریان دەکرد، لە بارەیەوە زمانناسان قسەی خۆیان کردووە، بۆ نموونە (ونگنشین) دەڵێت: (بەدوای واتای وشە مەگەڕێ بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکانی دا بگەڕێ) (ئۆڵمان) دەڵێت (پێش ئەوەی واتای وشەیەک لێک بدەیتەوە، سەرەتا لە ئاخاوتن بەکاری بێنە، ئینجا واتاکەی لیک بدەرەوە.)

ئەم بۆچوونە واتا وەک بەکارهێنان لێک دەداتەوە، واتە هەر وشەیەک بەکارهێنانی هەبوو واتادارە و واتای هەیە، واتە (واتای وشە) لەدەوروبەر دیاری دەکرێت.

دەوروبەریش بەم شێوەیە پۆلین دەکرێت:

**١- دەوروبەری زمانیی:** ئەم جۆرە دەوروبەرەیە ناوەوەی زمان دەگرێتەوە کەقسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربراوەکان بەکاردێت.

باری قسەکردن لەدەوروبەری زمانیی پەیوەندی بە واتای وشەوە هەیە بۆ نموونە ئەگەر وشەی (باش) وەربگرین دەبینین چەند واتایەکی هەیە:

**مامۆستای باش لێهاتوو و بەتوانا.**

**قوتابی باش زیرەک و چالاک.**

**پارەی باش زۆر کەلەک بوو**

**٢-دەوروبەری نازمانی:** ئەم جۆرە دەوروبەرە دەرەوەی زمان دەگرێتەوەبەشێکە لەدەوروبەرە گشتیەکە ،کە وشەکان تێدا گۆ دەکرێت.چەند جۆریکیشی هەیە ئەجۆرە دەوروبەرە:

**١- دەوروبەری دەروونی:**

ئەم دەوروبەر لایەنی دەروونی (نفسی) کار لە دەربڕینی وشەکان دەکات، بۆیە ئاخێوەر هەول دەدات کە، ئەو وشانە بەکاریهینیت کە دەروونی کەسی بەرامبەری بریندارنەکات.بۆ نموونە هەریەک لەو وشانەی خوارەوە کاریگەری دەروونی خۆیان دەبێت لەکاتی بەکارهێنان:

**(کوێر) (نابینا) ، (باشووری کوردستان) (باکوری عێراق) = هەرێمی کوردستانی فیدڕاڵ.**

**٢- دەوروبەری بار:**

بەبڕوای (لاینز – Lyons)ئەو بارەیە کە وشەی تێدا دەربڕاوە، واتە ئەو بارودۆخەی کە وشەکانی تیدا دەردەبڕی بڕیار دەدات چ وشەیەک گونجاوە چ وشەیەکیش گونجاو نییە.

بۆ نموونە سەیری هەریەک لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە کە:

* لەکاتی پرسەگێڕان بڵێی (پیرۆزە) یا (پیرۆزتان بێ!!!)

* لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بڵێی (خوا لێی خۆشبێ) یا (سەرەخۆشیتان لێ دەکەم)

* بە کەسێ بڵێی (زۆر سوپاس) بێ ئەوەی هیچ کارێکی بۆ کردبێ.

**٣- دەوروبەری کلتووریی:**

( لاینز-Lyons ) دەڵێت: (ئەو کلتوورەیە کە، وشەی تێدا دەردەبڕین) واتە ەو شوێنەی کە وشەی تێدا دەردەبڕین کاریگەری زۆری هەیە لەسەر واتای وشەکە.

بۆ نموونە ئەگەر وشەی (چاندن وەربگرین لەبنەڕەتدا چاوگێکە واتا رووتەکەی – Abstract زیاتر بۆ لایەی کشتوکاڵ بەکاردێ، بەلام کلتووری دەربڕین وای کردووە واتای جیاجیا بداە دەست بەم شێوەی خوارەوە:

*** چاندن بواری کشتوکاڵ (دانەوێڵە)**

*** چاندن بواری پزیشکی (پرچ، گورچیلە،...تد)**

**٤-دەوروبەری فیزیکی:**

ئەم جۆرە دەوروبەرە کات و شوێنی قسەکەر و گونجان و نەگونجانی ڕوون دەکاتەوە.وەک: **جگەرەکێشان قەدەغەیە.**

**٥- بۆچوونی شیکردنەوە:**

(کاتزوفودەر) گرنگیان بە هەڵوەشاندنەوەی وشەدا، سیما گرنگەکانیان دەستنیشانکرد، ئەمەش بۆ جیاوازیکردنەوەی وشەکان ناوبراوان بەم شێوەیە وشەیان شی دەکردەوە:

أ- شیکردنەوەی وشەی (لێڵ) واتە (وشەی هاوبێژ و فرەواتا)

ب- وشەکانیان بەپێی کێڵگە واتاییەکان شیدەکردەوە.

ج- تاکە وشەکانیان جیا دەکردەوە، لەڕێگەی پەیوەندی واتایی.

**٦- بۆچوونی راستی:**

ئەم بۆچوونە، لەلایەن هەندێک لە فەیلەسوف و لۆژیکناس و زماننناسی وەک (شیلیک، کارناب، جول ئایرو،...تد) دانراوە، لەم بۆچوونە واتا بریتییە لە ڕێگاکانی جێ بەجێ کرنی

سەلماندنی راستی باسەکە لە جیهانی واقع دا، شیلیک – Chilik ئەمەی ناو ناوە (تاقی کردنەوە) چەند بنەمایەکیشی بۆ داناوە:

أ- ئاماژە و ئاماژەپیکراو

ب- هاونشینی و هاوواتایی

ج- بەکارهێنان لەدەوروبەری زمانی

ئەم بۆچوونە دوای واتای راستی سنووردراردا دەگەڕیت کە، هەرگیز نایگاتێ، بەپێی ئەم بۆچوونە هەر وشەیەک بەکارهاتوو لە واقع سەلمێندرا، وشەکە واتادارە.

## ١٢- پەیوەندییە واتاییەکان:

بریتییە لە پەیوەندی وشە بە وشەکانی پێش و پاشی خۆی کە، وشەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە لە سنووری دانەی گەورەتر لە وشە وەک (فریز، رستە، دەق،...تد) .

### أ-پەیوەندی ستوونیی Paradigmatic:

یەکیکە لە دوانەکانی سۆسێرە، بریتییە لە پەیوەندییەکی وشەسازی نێوان وشەکان. یا بریتییە لە پەیوەندی وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تری هەمان رستە. سۆسێر ئەو وشانەی لە پەیوەندیەکی ستوونییدان بە سیستەم ناودەبات، بۆیە پەیوەندی پارادیگماتیکی خودی رەهەندی ستوونی زمان دەگەیەنێت کە، دەکرێت لە (جێناو، ئاوەڵناو، کار،...تد) دەربکەوێت. نموونە:

**ئەو کچێکی جوانە.**

**ئەو کیژێکی قەشەنگە.**

**ئەو کەنیشکێکی رەندە.**

ئەو رستانەی سەرەوە لە پەیوەندیەکی ستوونییدان بەجۆرێک کە، دەتواندرێ (کیژ، کەنیشک، کچ) لە شوێنی یەکتر بەکاربین لەهەمان ژینگە (جوان، قەشەنگ، رەند)ش لەشوێنی یەکتر بەکاربین بەم شیوەیەش دەکرێت ئەو وشانەی لە شوێنی یەکتر بەکاربین بە (هاوواتا) ناوببەین. لەم پەیڕەوەدا هەندیک پەیوەندی تری وەک (دژواتا، گرتنەوە، بەش لە گشت، ...تد)بەرچاو دەکەوێت کە لەخوارەوە باسیان دەکەین:

**١- هاوواتا synonyms:**

بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر کە یەک واتا ببەخشن و لەبری یەکتریش بەکاربێن. بە گشتی دیارترین جۆرەکانی بریتین لەمانە:

## جۆرەکانی هاوواتا

بەشیوەیەکی گشتی چەندین جۆری هاوواتا لە زماندا دەستنیشان کراوە لەلایەن نووسەرانەوە، بەڵام لیرەدا ناکرێت ئاماژە بەهەموو جۆرەکانی بکەین، لێرودا باس لە دیارترین جۆرەکانی دەکەین، کە بریتین لە:

### أ-هاوواتای تەواو:

ئەو وشانەیە کە، بەتەواوی شوێنی یەکتری دەگرنەوە و لەزمانیشدا هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن، بەم پێیەش بێ ئەم جۆرەی هاوواتا بریتیی دەبێت لە پەیوەندی نێوان دوو وشە کە بتوانن جێگەی یەکتری بگرنەوە بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی و لاوەکیان بگۆڕێ.

### ب-هاوواتای ناتەواو:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە واتاکانیان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکە ئەوەش بەهۆی بوونی چەند زار و شێوەزارێکی هەمان زمانەوە دەبێت هەندێک جاریش باری دەروونی قسەکەر کاریگەری دەکاتە سەری، ئێمە سەرەڕای باری رۆشنبیری و خواستی کەسەکان بۆ بەکارهێنانی وشەکان، کەواتە هاوواتای ناتەواو بریتییە لەو وشانەی واتاکانیان لەیەکتری نزیکن، لەهەندێک کات شوێنی یەکتری دەگرنەوە بەکارهێنانی فۆرمێک بەبەردەوام لەلایەن ئاخێوەرانەوە لە بارێکی تردا واتای نوێ بە فۆرمەکە دەبەخشێت، ئەو واتایەش دەبێتە واتایەکی بارکراو و یاریدەی دروستبوونی هاوواتا دەدات. نموونە بۆ ئەم جۆرەی هاوواتا بریتییە لە (کچ، کیژ، کەنیشک) ئەمەش بە هۆی بوونی زاری جیاوازەوە دروست بووە.

## ٢- دژواتا Antonymy:

دژواتا لەزماندا ئەو وشانەیە کە، دژێکی هەبێت لەبەرامبەری یەکتر دەوەستن و یەکیان (سالب) و یەکیان (موجەب)ە دژواتا لە زماندا چەند جۆرێکی هەیە:

### ١- دژواتای تەواوکەری:

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە لەڕووی سیفەتەوە دژی یەکترن لەهەمان کاتیشدا بەتەواوکاری یەکتریش دادەنرێن، لەم جۆرەی دژواتا پلە لەنێوانیاندا نییە و تەنها یەک جەمسەری هەیە وەک (نێر × مێ، زیندوو × مردوو،...تد).

**٢- دژواتای پلەدار:**

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە دژایەتی نێوانیان بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵگری پلەیە، واتە ئەم جۆرە پلەدارە، ئەگەر ئەم جۆرە نەفیش بکەین ئەوە بەواتای ئەوە ناهێت دانەکەی ترمان پەسەند نەکردووە. وەک (گەورە × بچووک، تاڵ × شیرین....تد).

**٣- دژواتای پێچەوانەیی:**

ئەو فۆرمانەدەگرێتەوە ئەو کاتەی دژ دەوەستن پیچەوانەش دەبن بە جۆرێک هەردوو فۆرمەکە باسی هەمان شت دەکەن، هەندێک جاریش بەیەکەوە دێن. وەک (کڕین× فرۆشتن، ژن × مێرد،...تد).

**٤- دژواتای ئاراستەدار:**

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە دژ دەوەستن لە ئاراستەدا، وەک (باکوور × باشوور، رۆژهەڵات ×رۆژئاوا،...تد).

**٥- دژواتای جیاوازی:**

ئەمە زیاتر لە رستە بەدەردەکەوێت بۆ نموونە :

**هێرۆ کچیکی زیرەکە.**

**هێرۆ کچیکی تەمبەڵ نییە.**

**٣- داپۆشین Hyponymy:**

پەیوەندییەکی گرنگە لە ئاستی واتاسازی. ئەو پەیوەندییە لەنێوان دوو یان چەند وشەیەک بەجۆری یەکیان ئەوانی تر دادەپۆشێت، بەهۆی فراوانی وشەی داپۆشەر. کەواتە داپۆشین بریتییە لە پەیوەندییەی کە. وشەیەکی تایبەت بە وشەیەکی گشتی دەبەستیتەوە،وەک:

**(سەگێکم بینی) یەکسانە بە (ئاژەڵێکم بینی) بەڵام (ئاژەڵێکم بینی) یەکسان نییە بە (سەگێکم) بینی.**

**٤- بەش لە گشت Part-whole relation:**

ئەو پەیوەندییە دەکرێت لەنێوان ئەندامەکانی لەش دا هەبێت، بۆ نموونە دەست بەشێکە لە لاشە بەگشتی ئەم پەیوەندییە جۆرێک لە تێکەڵی هەیە لەگەڵ داپۆشین، چونکە هەردووکیان بەش و گشتان هەیە، بەڵام دەست جۆرێک نییە لە لەش بەڵکو بەشیکە، بەڵام سەگ جۆرێکە لە ئاژەڵ. لەنێو ئەو پەیوەندییە جیاوازانەش بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە ڕەنگەکان هەریەکە لە (سور، سپی سەوز....تد) بەشیکن لە رەنگ، بەڵام لەنێوخۆیان جیاوازیش هەڵدەگرن، یا لە وەرزەکانی ساڵ یا رۆژەکانی هەفتە بۆ نموونە (یەک شەممە، پێنج شەممە) ئەگەر سەرنج بدەین (یەک شەممە، پێنج شەممە) جیاوازن، بەڵام جۆرێک گونجان و پێکەوە هاتن لێیان بەدی دەکرێت.

**٢- پەیوەندی ئاسۆیی Syntagmatic:**

ئەو پەیوەندییەیە پەیوەندییەکی رستەسازیی نێوان وشەکانە، واتە رێککەوتن و گونجان و بەیەکەوەهاتنی وشەکانی نێو رستەکە، کۆتی هەڵبژاردن و هەڵاوێرکردن ڕۆڵی تێدا دەبینێت. ئەو پەیوەندییە لەنێوان (ناو، ئاوەڵناو) و (کار، ئاوەڵکار)...تد دەبیندرێت. لە ڕستەدا (کار) باڵادەستە لە دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکە، چونکە کار بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تر دەدات. بۆ نموونە:

**ئەلەند وانەکەی نووسی.**

**سەگەکە حەپی.**

لەو دوو رستەی سەرەوە یەکەمیان پەیوەندی ئاسۆیی ئاساییە چونکە دەکرێت نووسین تایبەت بێت بە گشت ئەو کەسانەی کە، دەتوانن بنوسن، بەڵام لەڕستەی دووەم پەیوەندی ئاسۆیی ناچارییە، چونکە حەپین تەنیا تایبەتە بە سەگ.

**أ-فرەواتا:**

(ف.أر.پالمەر)بەم شێوەیە پێناسەی فرەواتای کردووە، بریتییە لە یەک وشە کۆمەڵێک واتای جیاواز بگەیێنێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین فرەواتا بریتییە لەهەمان فۆرم بەواتای جیاواز، بەڵام دەبێت سەرچاوەی هەموو واتاکان لەیەک بنجەوە هاتبن، بەم شێوەیە لە فرەواتادا یەکێک لە واتاکات واتای سەرەکییە و ەاتاکانی تر واتای (لاوەکی- هامشی)یە. **نموونە بۆ فرە واتا**

| ز | وشە | واتای یەکەم | واتای دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | بەردانەوە | بەردانەوەی ئاو | بەردانەوەی شت |
| ٢ | رۆژ | رۆژی ئاسمان | رۆژەکانی هەفتە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | مانگ | مانگی ئاسمان | مانگەکانی ساڵ |

**ب-هاوبێژی:**

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکان و لەزۆربەی زمانە جیهانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیشدا بوونی هەیە، هاوبێژی چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە لەلایەن زمانناسانەوە لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

د.ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت ئەو وشانەن کە، بەخوێندنەوە و نووسین وەک یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە.

کەواتە دەکرێت بڵێین هاوبێژی بریتییە لە تەنها تاکە فۆڕمێک(مۆرفیم، وش گرێ...ند)کە، یان نووسین یان بەگوتن وەک یەکترن بەڵام لەڕووی واتاوە لەیەکتری جیاوان.

**جۆرەکانی هاوبێژی:**

هاوبێژی چەند جۆرێکی هەیە، هەندێک جۆری لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە و هەندێکی تریش بوونی نییە.

**١- هاودەنگ:**

ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە لەڕووی دەربڕینەوە لەیەکتری دەچن، بەڵام لەڕووی نووسینەوە جیاوازن. نموونەی ئەم جۆرەی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، چونکە لەزمانی کوردیدا نووسین بەتەواوی لەگەڵ دەربڕینەکاندا یەکسان دەوەستێت، بەواتایەکی تر لە زمانی کوردیدا چی دەگوترێت، ئەویش دەنووسرێت، نموونە بۆ ئەم جۆرە بریتییە لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | Right – Write – Rite | ڕایت | دەنووسێت – ڕاست – بۆنەی ئاینی |
| ٢ | Light – lite | لایت | ڕووناکی (لایت) – سوک |
| ٣ | Fool – Foul | فول | گەوج (گێل) – پڕ (فول) |

–

**٢ هاوپیت:** ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە لە نووسیندا هەمان نووسینیان هەیە، بەهەمان شێوە ناخوێندرێتەوە. بەمەش لەڕووی واتاوە واتای جیاواز دەگەیەنن. لەم جۆرەی هاوبێژیدا

کەرەستە ناکەرتییەکانی وەک (هێز، ئاوازە، وەستان) ڕۆڵ دەگێڕن بۆ جیایکردنەوەی واتاکان، هێز ڕۆلێکی سەرەکی دەبینێت لە جیاکردنەوەی واتاکان، لەباری ئاساییدا هێز دەچێتە کۆتایی وشەوە بەڵام لەم وشانەدا دەکرێت هێز بخرێتە سەر کۆتایی بڕگەی یەکەم، هەروەها وەستان ڕۆڵی دەبێت...تد.

| ز | وشەی هاوپیت | وشەی یەکەم | وشەی دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | هەمان | هەیتمان | هەمبانە |
| ٢ | نەمام | رۆژدار و درەخت | فەوتان |
| ٣ | رواندن | چاندن | لادان |

**هاوبێژی تەواو:**

لەم جۆرەی هاوبێژیدا فۆرمەکە تەواوی لە نووسین و گوتندایەکسان دەبن، تەنها لەڕووی واتاوە لەیەکتری جیاوازن.

| ز | وشەی هاوپیت | وشەی یەکەم | وشەی دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ئازار | مانگی ئازار | ئێش و ئازار |
| ٢ | ئاش | شوێنی هاڕینی دانەوێڵە | چێشت (خواردن) |
| ٣ | دەم | دەو (زار) | کات |

## ١٣- واتای ڕستە:

گومانی تێدا نییە هەر ڕستەیەک لەلایەن ئاخێوەرانەوە دەردەبڕێت، واتایەکی هەیە، دەبێت واتاکەشی واتایەکی دروست بێت بەپێی ڕستە دەربڕاوەکە. نابێت ئێمە کاتێک گوێبیستی ڕستەیەک دەبین تەنیا لە ڕووی ڕێزمانییەوە دروست بێت بڵێین ئەوە ڕستەیەکی دروستە، کاتێک بەرستە دەوترێت ڕستەکە پەسەندی واتایی و پەسەندی ڕێزمانی بێت. هەروەک لەلای زمانناسان هەندێک بنەمایان بۆ ڕستە دەستنیشان کردووە، بۆنموونە لاینز-Lyons کاتێک دان بە ڕستە دادەنێت کە، پەسەندی واتایی و ڕێزمانیی بێت. دەشڵێت ڕێزمان و واتا ئاوێتەی یەکترن ئەستەمە لێک بترازێن. ئێمە لێرەدا بۆ شیکردنەوەی ڕستە چەند بۆچوونێک دەخەینەڕوو:

**١- بۆچوونی کاتز و فۆدەر:**

ئەمانە دوو قوتابی چومسکین، لە کتێبی (پێکهاتەی تیۆری سیمانتیکی) لەساڵی ١٩٦٣دا تیۆرێکیان بۆ ڕستە دانا کە، بەتەواوکەری ڕێزمانەکەی چومسکی دادەنرێت.

١- جیاکردنەوەی پەیوەندی نێوان رستە وەک (دژواتا، هاوواتا،.... تد) و (رستەی تەمومژاوی و لێڵ)

٢- لیکدانەوەی واتای ڕستە.

**بنەماکانی ئەم تیۆرە:**

١- **ئاستی ژێرەوە:** پێکهاتەی سینتاکسی هەر رستەیەک لەدوو ئاست پێک دێت **ئاستی سەرەوە** خوێندنەوەی فۆنەتیکی رستەیە، **ئاستی ژێرەوە** خوێندنەوەی رستەیە لەرووی واتاییەوە، بەواتایەکیتر دەچێتە بنجی رستە تا بزانێت رستەکە چەند واتای هەیە. کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر رستە ئەگەر دوو رستە خاوەنی یەک ئاستی ژێرەوە بوون ئەوا هاوواتان، ئەگەریش جیاوازبوون ئەوا رستەیەکی لێڵ بەرهەم دێت.

**ئازاد کوڕی نەوزادە.**

**نەوزاد باوکی ئازادە.**

٢- **واتای فەرهەنگی وشە:** هەر وشەیەک لەفەرهەنگ واتایەکی هەیە بەو واتایەش وشەکە لە ڕستە دەناسینەوە لەگەڵ کاریگەرییە ریزمانییەکەی. لەسەر دوو بنەما دەبێت (زانیاری واتا، زانیاری ریزمانی).

**ئەو گلاسیک ئاوی خواردەوە.**

**ئەو بەرداغێک ئاوی خواردەوە.**

فەرهەنگی وشە شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە، لەبەر ئەمە ریزمان بێ فەرهەنگ ناتوانێت واتای وشە دیاری بکات.

**مەیمونەکە مۆزەکەی خوارد.**

**ئەو مۆزەکەی خوارد.**

٣- **خوێندنەوەی ڕستە:** ئەمەش خوێندنەوەی رستە دەگرێتەوە بۆ لێکدانەوەی واتاکەی. باس لە هەڵبژاردن و چۆنییەتی ریزبوونی وشەکان دەکەین لە سنووری رستە.

**٢- واتای رستە لەڕوانگەی لۆژیکناسەکان:**

ئەمان رستە لە سنووری ئەقڵ و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدەنەوە" شیکردنەوەیەکی لۆژیکییان بۆ رستە دەکرد. بۆ نموونە:

**کتێبە ڕێزمانیەکەم لەنێو کتێبخانە دانا.**

ئەوا لەدیدی لۆژیکناسەکان ئەم ڕستەی سەرەوە بەم شێوەیە لێکدەدرایەوە:

**١-من پەرتووکم هەیە.**

**٢- پەرتووکەکە ڕێزمانییە.**

**٣-من پەرتووکی ڕێزمانی دەخوێنمەوە.**

**٤- من کتێبخانەم هەیە.**

دکتۆر ئەمیر موحەممەد

## سەرچاوەکان


_ عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٩) واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

_ محەمەد محەمەد یونس عەلی (٢٠١٠) سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتاسازی وپراگماتیک، وەرگێرانە: نەریمان عەبدولڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**_ تالێب حوسێن عەلی ( ٢٠١١) واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.**

**_ ئازاد ئەحمەد مەحموود (٢٠١٥) بنەما و تەوەرەکانی واتاسازیی نوێ،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**

**_ طالب حسین علی(١٩٩٨) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.**

**_ کلۆد جیرمان و ریمون لۆبلان (٢٠٠٦) واتاسازی، وەرگێرانی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.**

**_ امیر محمد محمدامین(٢٠٢١) سیمانتیکی وشەی داڕێژراو، کتێبی سینتاکسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.**

_ صادق یوسف الدباس ( ٢٠١٢) دراسات فی علم اللغة الحدیث، الظبعه الاولی، دار اسامة للنشروالتوزیع، الاردن.

_ محمد علی الخولی ( ٢٠٠٠) مدخل الی علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزیع، الاردن.

بە زمانی ئینگلیزی:

_ Dived Crystal (1992)An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, First Published, Blackwell Published, USA.